www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:27

# سەلاحی موهتەدی بانگەشە بۆ دووجەمسەری کردن و پاوانی کوردستان ئەکات

کاوە مەردووخی

سەلاحی موهتەدی، لە دیمانەیەکدا کە، سایتی دیمانە دات کام، لەگەڵی کردوە، لەوەڵامی پرسیارەکانی ئەو سایتەدا بیروبۆچوون و هەڵوێستە سیاسیەکانی خۆی دەربڕیوە.

ئەوەنـدەی سـەبارەت بـە شەخسی خـۆیانە و من مەبەستمە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەم ئەوەیە کە سـەلاح خـۆی بـە کەسـێکی "سـەربەخۆ" ناسـاندوە و ئـەڵێ: مـن زۆر لەمـێژە ئەندامـی هـیچ حیـزبێك نـیم. . . تـا ئێسـتا یـان ئەندامەتـیم پـێ نەبەخشراوە یان خۆم وەرم نەگرتووە و هەر سەربەخۆ کارم کردووە. . . سەربەخۆبوونی خۆم پاراستووە و سەر بەهیچ حیزبێکی سیاسی نەبووم و ئێستاش هەروام.

بـۆ ئەوانـەی سـەلاحی موهـتەدی ئەناسـن، ناتـوانێ ئـەو ئـیدیعایەی، قابیلـی قـبوڵ بـێت کـە ئـەو"سـەربەخۆ"یە و ئەندامی هیچ "حیزبێکـی سیاسـی" نیـیە. سەلاحی موهتەدی ساڵهایە وەك کەسێکی زۆر نزیك لە بەرێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ناسراوە و لە یەکیتی دا حیسابی ئەندامێکی سەرکردایەتی و بگرە زیاتریشی بۆ ئەکرێ. ئەوەندەی لـە دەرەوەی وڵات بـووە، هەموو جموجۆڵە سیاسیەکانی لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بووە و تەنانەت پێوەندییە شەخسیەکانیشی زۆرتـر لـەو چوارچـێوەیەدایە. وا بـۆ چـەند سـاڵێك ئەچـێ ئێـرەی بـەجێ هێشووە و چووەتەوە کوردستان و لە بارەگای بەرێز مام جەلالە و راوێژکارێکی پلەیەکەمی بەرێزیانە.

نووسـەری ئـەم بابەتە نە ئەندام بوون لە حیزبێکی سیاسیدا بە خراپ ئەزانێ و نە ئەندامەتی لە ی. ن. ك دا بە کارێکی خراپ و نائاسـایی. بـەڵام ئەوەی نائاسایە ئەوەیەکە سەلاحی موهتەدی، دوور یان نزیك خۆی لەم راستیە نەداوە. ئاخۆ ئەگەر دانیشتن و حەوانـەوە لـە بارەگای سکرتێری گشتی و بەشداری لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و بەشداری لە جەولەکانی سکرتێری گشتی حیـزبێك و دەرکـەوتن لـە تیڤیەکانـیەوە کەسـێك نەکاتـە "ئەنـدام" و خەسـڵەتی "حیزبی بوونی" پێ نەدا، ئەی ئەندامەتی لە حیزب دا و حیزبی بوون چۆن و چیە؟

مـن هەرچـەندی تێفکـریم نەمتوانـی بـە بەڵگـەوە وەڵامـی ئـەو پرسیارەی خۆم کە ئاخۆ بۆ ئەبێ سەلاح حاشا لە حیزبی بوونی خۆی بکا، بدەمەوە. بەڵام لەو حاشا کردن و پاکانە کردنەی بۆنی پیلان و کاری ژێر بە ژێریی ئەگاتە لووتم.

ئـەوە ٦ مانگـێ ئـەبێ، لـە لای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و لەناو ناوەندە رۆشنیری و سیاسیەکاندا، باسی هاوکاری و لە یەکتر نـزیکبونەوەی حیـزب و رێکخـراوە سیاسـیەکانی کوردسـتانی ئێـران لـە گۆڕێدایە. لـە راستیدا تـا ئـەو جێگای من ئاگادارم لەناو حیـزبەکاندا، پێشتر تەنـیا باسـی بـەرەی کوردسـتانی و شـتی وام لە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کەوتووەتە بەرچاو. بەڵام لە ئاخـرین پلنۆمـی حیزبـی دیمۆکراتـی کوردسـتانی ئێـرانیش دا، بـاس لـە هاوکـاری و لەیـەکتر نـزیکبوونەوەی حیـزب و لایەنـە کوردستـانیەکان کـرا و بەمجۆرە، درگا لەسـەر لـێدوان و نووسـین لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە کرایەوە، هەرچەندە لە ئاستێکی کەم و تەسـك دا. هـەروەها نووسـینێکی "ئەیـوب ئەیـوب زادە" نووسـەری کتێبـی "چـەپ لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان" و بەدوای ئەوەشدا سمینارێکی ئەیوب ئەیوب زادە و یوسف پاوەیی و حسین یەزدانپەنا لەسەر پاڵتاڵك، لەو بارەیەوە بڵاوبۆوە.

لـە هـەرکام لـەو هەڵوێسـت و دیدوبۆچـوونانەدا کـە لـە لایـان ئـەو لایـەن و کەسـانەی سـەرەوە بـاس لـە مەسـەلەی پەیـوەندی و هاوکاریـی حیـزب و لایەنـە سیاسـیەکانی کوردستانی ئێران کراوە، باوەڕ بە پێوەندیی دیمۆکراتیکی حیزبەکان و بانگەشە بۆ، فرە چەشنی و فرە حیزبی لە کوردستانی ئێران بیستراوە.

بـەڵام ئـەوە ماوەیەکـە، لـە هێـندێ لاوە بەجۆرێکـی دیکـە باسـی هاوکـاری حیـزب و رێکخـراوە سیاسـیەکانی کوردسـتانی ئێـران دەخـرێنە بـەر قسەوباس. جیاوازی ئەم بیروڕایانەی دوایی لەگەڵ ئەوانی پێشوو، ئەوەیەکە، ئەمانەی دووایی بە مەبەستی دیار و بـە فکـر و عەقلیـی کـۆن و بەسەرچـووەوە نەخشـەی سیاسـی ئۆپۆزسـیۆنی کـوردی ئێـران تەنیا بە حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەکێشێنەوە. نەخشەیەك کە تەنیا بۆ گاڵتە پێ کردن و گەپجار دەبێ و بەس.

ئەوەنـدەی بـۆ خـودی کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان ئەگەڕێـتەوە، وتەبێژانـی ئـەم رێکخـراوە، لەوەتـی جیابوونەتەوە، سـەیر عیشقی ئـەوە گرتوونیان کـە خـۆیان هاوشـانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پیشان بدەن و لەهەر

کویَ کەباس لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران ئەکەن، بڵێن "ئێمە و حیزبی دیمۆکرات" یان "کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکرات". بەڵام سەیریش لەوەدایە ئەو بەرێزانە، لە نێوریزەکانی خۆیاندا، بەردەوام ئاموزشی دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات ئەدەن و ئێستاش هەر بە چەمکە کۆنەکان و بە تیئۆری چەوتی "سێ گۆشەکەی کوردستان" ئەندامی خۆیان پەروەردە ئەکەن.

وتەبێژانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە و هەوڵ و تێکۆشینەکانیان بۆ خۆ بەقەد حیزبی دیمۆکرات گرتن و خۆهاوشان دانان، وجوودی ٢ حیزبی سیاسی دیکە کوردستان کە زۆر لەوان موستەحەق ترن بۆ گێڕانی دەوری سیاسی لە وڵاتەکەمان و هەبوونیان لەهەر هەنگاوێکی بەکۆمەڵی حیزبە سیاسیەکان و هەر رێککەوتن و هەر بەرەیەکی کورستانی، نەدیدە ئەگرن و بە جۆرێ قسە ئەکەن وەك بڵێی لە کوردستانا هەر ئەوان و بەلوتفی خۆشیان حیزبی دیمۆکرات هەن! لە حاڵێکدا، ئەو بەشە لە کۆمەڵە کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی لێ جیابووەوە، واتە ئەو بەشەی کە ئیبراهیم عەلیزادە، رێبەرایەتی ئەکات زۆر لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە هەموو روویەکەوە بەهێزترن. هەروەها یەکێتی شۆڕشگێڕان کە لە دە دووازدە ساڵی رابردوودا، دەور و نەخشیان لە خەبات و روداوەکانی کوردستانی ئێراندا زۆر لەو بەرێزانە زیاتر و دیارتربووە.

نووسەری ئەم دێڕانە، نە دیمۆکراتە، نە کۆمەڵەیە و نە شۆڕشگێڕان. بەڵام وەك کوردێك کە مافی ئەوە بەخۆی ئەدا، سەبارەت بە رووداوەکانی وڵاتەکەی دەنگی هەبێت، هەڵوێست ئەگرێ و هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەشم خۆش ئەوێ کە بۆ ئازادی و دیمۆکراسی تێ ئەکۆشن، یەك لەوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی خزمانی سەلاحی موهتەدی.

بێجگە لە وتەبێژانی رەسمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، لەم لاو لاشەوە، ژمارەیەك لە لایەنگرانی بەبۆنە و بیانووی جۆراوجۆرەوە، ئەوە دوبارە ئەکەنەوە. ماوەیەك لەمەوبەر هونەرمەندان ناسر رەزازی و مەرزیە فەریقی لە بانگەوازەکەیاندا، ئەو چەمکە سوواوەیان دووبارەکردەوە. دیارە لەلایان ژمارەیەك نووسەر و رۆشنبیرەوە وەڵامی پێویستیان وەرگرتەوە و پێویست بەهی زیاتر ناکات.

ئاخرین کەسێك کە ئەم قەوانە سوواوە دەژینێتەوە، سەلاح موهتەدی یە. ئاغای موهتەدی سەربەخۆ کەلەو دیمانەدا، لەو جێگایەدا کە قسەی گشتیە و نەخد نیە باس لە : دڵفراوانی و دیمۆکراتی بوون ئەکا و پاوان کردن بۆ حیزبێك یان لایەنێك رەت ئەکاتەوە و باوەڕی بە دووجەمسەری کردنی کۆمەڵگا نیە، کە دێتە سەر باسێکی دیار و مەجالی گشتیوێژی و یاری بە وشەکانی نامینێ، راست خۆی دەبێتە بیرتەسکی پێچەوانەی "دڵفراوان" و پاوانخوازی دژ بە "دیمۆکرات".

سەلاح لە تەواوی ئەو جێگایانە کە باسی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی ئێران ئەکات، بە ئەنقەست و بە مەبەستی تایبەتی، یەکێ بەرز ئەکاتەوە، یەکێ نەوی ئەکات و یەکێ لە زەوی ئەدا و چاوی بینینی خەڵکانیشی نیە. هەموو ئەم یاریەش بۆ ئەوە ئەکات کە عەبدوڵای برای کە پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ، بەناو کۆمۆنیستایەتی کردن و گاڵتە کردن بە کوردایەتی، ئیمرۆ بە تاقە سواری مەیدانەکە بقەڵبێنێ. سەرنج بدەنە ئەم فەرمایشتەی سەلاح لەبارەی کۆمەڵەکەی عەوڵای برایەوە:

(بۆ پشتیوانی کردن لە جووڵانەوەی نوێ، شەڕی ئازادسازی عێراق، رووخانی سەدام، دامەزراندنی فیدرالیزم و پشتیوانیکردن لە جووڵانەوەی ناوخۆی کوردستانی عێراق، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ئەمسەری تووندی گرتبوو. ئەم حیزبە هەر پێش شەڕەکەش پشتیوانیی لە دۆزەکەی کوردستانی عێراق دەکرد. پێش شەڕەکە پشتیوانی لە کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن دەکرد. لەسەر ئەوە بەیاننامەی دا و هەڵوێستی خۆیان دەرخست و ئەو ئۆپۆزسیۆنەیان بە نوێنەری گەلی عێراق پەسند کرد. لەوەڕا بگرە هەتا شەڕەکە و لەناو شەڕەکەشدا بەردەوام هەواڵیان بڵاودەکردەوە، هانیان دەدان، پشتیوانیان لە راپەرینەکە دەکرد تا سەرکەوتن لەسەرکەتنەکەشدا بەیاننامەیەکی زۆر گەرم و گوڕیان بڵاوکردەوە) .

سەلاح جۆرێ لە بارەی کۆمەڵەی خزمەکانیەوە (موهتەدی + ئیلخانی زادە) قسەئەکا، کە وەك بڵێی ٢٥ ساڵە ئەوان هەر کوردی بوون و کوردایەتیان کردووە. ئەو دیارە خەڵك بە نەزان دائەنێ. ئەنا، مێژووی کۆمەڵەی خزمانی ئەو لە ساڵی ١٩٨٢دا بە تێکەڵبوون لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی مەنسوری حیکمەت کۆتایی پێهات و عەوڵای برای، کە ئەو دەمیش هەر سکرتێری گشتی بوو، کۆمەڵەی کردە کاسەیەکەوە و لە خزمەت مەنسوری حیکمەت و برادەرانی دانا. ئیتر لەو ساوە تا ٣ ساڵ لەمەوبەر، فایلیان داخرابوو و رێبەرانی ئەمڕۆی کۆمەڵەی خزمان لە ئوروپا دانیشتبوون و خەریکی تاکسی لێخوڕین و پارە پەیا کردن بوون. ئیتر

"پشتیوانی لە جووڵانەوە نوێ" و "پشتیوانی کردن لە جووڵانەوەی ناوخۆی کوردستانی عێراق" و ئەو درۆ و دەڵەسە و بەیت بالوورەیە کەی و لە کوێ کراوە؟ ئیتر با لەوە گەڕێین کە ئەوشتانەی سەلاح بۆ بەباڵادا وتنی کۆمەڵەی خزمانی باسیان ئەکا بەشێکیان فریان بەراستیەوە نیە. سەلاح ئەڵێ: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پشتیوانیان لە "شەڕی ئازاد سازی عێراق" کردووە و "پێش شەڕەکە پشتیوانی لە کۆنفرانسی شۆپۆزسیۆن عێراق لە لەندەن کردوە و لەسەر ئەوە بەیاننامەی داوە. ئادەی با سەلاح ئەو بەیاننامانەمان بخاتە بەرچاو کە باسیان ئەکا.

نا کاک سەلاح! خۆت و کاک عەوڵای برات و کۆمەڵەکەتان، هەوڵێکی زۆرتان دا خۆتان بە حکومەتی بەغدادا هەڵواسن. بەڵام دیار بوو ئەوان لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئێوە بەفیتی ئیتلاعاتی ئێران کۆمەڵەتان کەرت کردووە و لێی جیا بوونەتەوە، وەڵامیان نەدانەوە و چاوتانیان کاڵ کردەوە. رەنگە بەرێزتان، هێشتا دەنگوباسی بڵاوبوونەوەی ئەو بەڵگانەی بەرێوەبەرایەتی موخابەراتی کەرکووکتان نەبیستبێت.

سەلاح، لەو دیمانەیەدا، پاش ئەوەی تا توانیویە بەسەر کۆمەڵەی خزمانیدا هەڵی وتووە. پەلاماری بردووەتە سەر "ئەوبەشەی دیکەی کۆمەڵە کە بەخۆیان دەڵێن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و بەهەڵی زانیوە کە ئەوان بۆ عەوڵای برای و خزمانی ورد و خاش بکات و ئەڵێ: ئەم بەشەش وەک کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بۆ پشتیوانی کردنی ئەم جووڵانەوە نوێیەی توندوتیژ بوو ئەمان بە هەمان رادە بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژ بوون".

بەڵام قەباحەتی قسەکانی سەلاح ئەو کاتەیە کە باز دەداتە سەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. سەلاح بەجۆرێ باس لە هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەکات کە بە خوێنەر بڵێ ئەم حیزبە، هەر حیزب نیە، لە گوێی گادا خەوتووە، سەربە حیزبی بەعس بووە و لە رووخانی حکومەتی عێراق نارەحەتە، سەدام حوسێنی پێ پیاوێکی خراپ نەبووە و پێی چاک بووە، ئەنفال و کیمیابارانی کوردی پێ ناخۆش نەبووە، بۆ کاولکردنی ٣٥٠٠ گوندی کوردستان هیچ پەرۆشی نەبووە و تا ئێستا نەیزانیوە بۆچی سی ساڵە کورد ئەم شەڕەی کردووە.

سەلاح لە ناونیتکە هەڵدان لەسەر حیزبی دیمۆکرات تێر نابێ و بە "شەرمێون" و "مینگە مینگ" کەری دادەنێ. هەروەك چۆن ٢٤ ساڵ لەمەوبەر، د. قاسملۆی گەورەی بە سازشکار و "پیاوی ناتۆ" ناو ئەبرد و ئەیوت نابێ قاسملو رێگای مەجلیسی گەورە پیاوانی پێ بدرێ!؟

من نوێنەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران نیم کە وەڵامی ئەم قسە پڕوپووچانەی سەلاح بدەمەوە. بەڵام وەك کوردێك مافی ئەوە بەخۆم ئەدەم، بەرگری لە هەق و بکەم و ناهەق لەقاو دەم. زۆر سەیرە، لە عەینی کاتیشا، زۆر جێی داخە، کەسێك رێگا بە خۆی بدا بەوجۆرە باس لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بکاکە لە کاتێکا ئەو حیزبە، هەر رۆژە چەند ئەندامێکی لە کوردستانی عێراق لێ تێرۆر ئەکرا، جەنابیان سەفەری تارانیان ئەکرد و لە لایان کاربەدەستانی ئیتلاعاتەوە پێشوازی ئەکران و زەوییە داگیرکراوەکانیان پێشکەش ئەکردەوە. کەسێك بەو جۆرە سووکایەتی بە حیزبی دیمۆکرات ئەکات کە، ئەو رۆژەی رێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەی حیزب لەبەر رهێڵەی ئەو تۆپانەدا بوون کە لە شاخی هەیبەت سوڵتانەوە لە لایان پاسداری کۆماری ئیسلامیەوە ئەهاوێژران، لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆ bbcدا ئەیوت: ئەوە راست نیە، ئەو تۆپبارانە لە ناو ئێرانەوە ئەکرێ و هیچ هێزێکی ئێران نەچووەتە ناو کوردستانی عێراقەوە. ئەرێ بەڕاست، ئەوە چۆنە کە سەلاح و کۆمەڵەی خزمانی لە سلێمانی ساغ و سلامەت دائەنیشتن و کادروپێشمەرگەی دیمۆکرات و حیزبەکانی تر، تێرۆر ئەکران؟ کەسێك باس لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەکات کە لە کاتێکا دەستە دەستە پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی دیفاع لە کوردستان خوێنیان ئەرژا، جەنابیان لە ئوروپا بانگەشەی چەکدانانی هێزی پێشمەرگە حیزبەکان و گەڕانەوەیان بۆ بن عابای خاتەمی ئەکرد.

بەراست کاک سەلاح جەنابتان کە بەوجۆرە حیزبی دیمۆکرات بە دەستوپێوەندی بەعس دائەنێن، پێمان ناڵێن، خۆتان و کۆمەڵەی خزمانتان چەند ساڵتان پارە و چەکی حکومەتی بەعس وەرگرت؟

جاخۆ ئەگەر بەحیسابی وەفاش بووایە نەئەبوو ئێوە زۆر بە نەمانی بەعس خۆشحاڵ بن، چوونکە ئێوە بە ٢٥ دیناری بەعس خۆتان پێگەیاند و گەلێك ماڵ و حاڵ و حیزبتان پێکەوەنا. بێجگە لەوەش بەرێزتان و عەوڵای براتان و عومەر و جەعفەری

ئیلخانی زادەی ئامـۆزاتان پـیّمان نالّیّن بـە کویّدا و بە ئیمکاناتی کام حکومەت سەفەری ئوروپاتان کرد؟ ئایا جەنابتان و عەولاّی بـراتان و ئامۆزاکانـتان کـە هـەق وایـە نـاوی خـۆتان بنـیّن کۆمەڵەی خـزم وخیّشـان نـەك "کۆمەڵەی زەحمەتکیّشان"، بـە پارە و ئاسـانکاریی موخابەراتی عیّراق سەفەری ئوروپاتان نەئەکرد؟ کەواتە وشەی "شەرم" شایستەی ئەو کەسانەیە کە خەڵك بە نەزان دائەنیّن و چەواشەی ئەکەن! نەك ئەوانەی تەمەنی جەوانی خۆیان لە شاخ و بن بەرد و پیّشمەرگایەتی بردەسەر!

هەمـوو ئـەو شـیّر و ڕێـویەی سـەلاح لـەو دیمانەیـەدا هیّـناویەتەوە، تەنـیا بـە یـەك مەبەسـتە. ئـەویش ئـەوە کە عەولاّی برای و کۆمەڵەی خـزمان بـە تاقـە سـوار دابنیّ و ئیّستا کە ناتوانیّ حاشا لە حیزبی دیموکرات و هیّز و خۆشەویستیی لە ناو خەڵکدا بکا، لـە لایـەك کۆمەڵەی خزمانـی تـا ئاسـتی حیزبـی دیمـوکرات هەڵکیّشـیّ و لـەو سەریشـەوە، حیزبـی دیمـوکرات تـا ئاسـتی کۆمەڵەی خزمانی نزم بکاتەوە. سەرنج بدەنە ئەم قسانەی سەلاح کە چۆن بەدووای ئەم مەبەستەدا ئەگەڕیّ:

- "هـەر بـۆیە لـەم پیّوەندییـەدا ئـیّمە ئیّسـتا لەکوردستانی ئیّران لە نیّوان کۆمەڵە (بلّیّ کۆمەڵەی خزمانی سەلاح) و دیموکرات دا پیّویستمان بە ڕیّککەوتنیّك بە مەبەستی پیّکهیّنانی بەرەیەك هەیە.

- ئەم بەرەیە دوو کۆڵەکە سەرەکییەکەی لە دیموکرات و کۆمەڵە پیّکدیّت.

- ڕیّکخەر و پیّکهیّنەرە سەرەکییەکەی دوو حیزبەکە دەبن.

- کۆمەڵە و دیموکرات کۆڵەکەکانی دەبن.

- مـن پیّم وایە هەرسبەینیّ لە پڕا ڕووداویّك لە کوردستانی ئیّران ڕوودەدات و کۆمەڵە و دیموکرات بچنەوە نیّو کوردستانی ئیّران، خەڵکیّکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و ڕۆڵیّکی گەورە و بنەڕەتیان دەبیّ".

جاریّکـی تـر کـە قسـەکانی سـەلاح ئەخویّـنمەوە، ناچـار ئـەبم دوبـارەی بکەمـەوە کـە کـەس وا تیّـنـەگا سـەلاح لـە واقعبیـنـی و نیازپاکیەتـی کـە پـاش کۆمەڵە نـاوی دیموکـرات ئـەبا، یانئیمـتیازیّك بـە حیزبـی دیموکـرات ئـەدا، بەڵکو ئەوە بۆ بەرز کردنەوەی کۆمەڵەی خزمانی تا ئاستی دیموکرات و نزم کردنەوەی دیموکرات تا ئاستی ئەوانە. وا دیارە ئەوە بووەتە سیاسەتیّکی دیاریکراوی سـەلاح و خـزمان و پشـتیوانانیان کـە جـاریّ لـە قۆناغـی یەکەمـدا، ئـەو هاوشـانی و وەك یەکیـیە بسـەپیّنن و دوایـەش کـە هاوشـانیەکەیان لەگـەڵ "دیموکـرات" سـەپاند، "ملـی بـادەن و لـە کوردسـتانیان پـاك کەنـەوە". (ئاماژەیـە بـە قسـەیەکی عـەولاّی موهتەدی کـە لـە سـیمیناریّکدا کـە چـەند مـانگ لەمەوبەر گرتوویانە، بەو جۆرە باسی لە زۆرانبازی خۆیان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیّران کردووە) .

ئـەنا ئەگـەر وانیـیە، تـۆ بلّیـی کۆمەڵەی ئەسـڵیی کـە ئیبراهیمـی عەلیزادە ڕیّبەرایەتی ئەکات، ئەوەندە سووك و لاواز بووبیّ کە بەوجـۆرە لـە حیساباتی کـاك سـەلاح دا سـڕابیّتەوە؟ خـۆ هەمـوو ئامارەکان دەیسـەلمیّنن کـە کۆمەڵەی خزمانی سەلاح موهتەدی، نەیانتوانـیوە ٢٠ لـە سـەدی کۆمەڵە زیاتـر جیابکەنەوە و تا ئیّستاش بیّجگە لە تەشکیلاتیّکی ٢٠-٣٠ کەسی و مورتەزەقەی یەکیّتی نیشـتمانی کوردسـتان هیچـی تـر بـن. ئایـا سـەلاح ئەتـوانیّ ئامـاری ئەوانـەی لەگـەڵ عـەولاّی برای جیابوونەوە لەگەڵ ئەوانەی لە شویّنی خۆیان و لە کۆمەڵەی ئەسڵی ماون نیشانی خەڵك بدات؟

یـان ئـەنا، سەلاح بۆچی چاوی حیزبی تر نابینیّ؟ بۆچی چاویی یەکیّتی شۆڕشگیّران نابینیّ؟ تۆ بلّیی سەلاح ئەوەندە بیّ خەبەر بـیّ لـە حـاڵ و ئەوزاعـی کوردسـتان؟ ئەو ئاغایەی کە سەرزەنشتی "پاوان" ئەکا و "باوەڕی" بە "دوو جەمسەری" نیـیە، چۆن وا بەئاسـانی، بەسـەر حیزبیّکا کە لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا زۆر لە کۆمەڵەی خزمانی ئەو چالاکتر بووە و هەڵویّستی زۆر جوان و نەتەوەیـی و کوردانەی هەبـووە بـاز ئـەدا. بـا سـەلاح لـە ١٢ سـاڵی ڕابردوودا ڕادەی ئەو چالاکیانەی کە پیّشمەرگەی شۆڕشگیّران و پیّشـمەرگەی خزمانـی ئـەو کـردوویانە موقایەسـە بکـا؟ ئـادەی بـا سـەلاح پـیّمان بلّـیّ لەبەرامـبەر ئـەو دەیـان شـەهیدەی یەکیّتـی شۆڕشـگیّراندا، خزمانـی ئـەو شـەهیدەکانی خـۆیان لـەو ١٢ سـاڵەدا بژمیّـرن؟ تۆ بلّیی هەر زەمانی ئاغایەتیەکەی باوك و با پیرانی سـەلاح و عـەولا بـیّ کـە بـە ئاسـانی خەڵکـی لـە ئاوایی وەدەرنریّ کە ئەمڕۆ بەمجۆرە، بەپانەوە کۆمەڵە وەلانیّن و حاشا لە بوونی شۆڕشگیّران بکەن.

سەیر و عاجباتی لەوەدایە کە ئەوەی سەلاح ئەیڵێ و ئەیکات، لە لایان ئیتلاعاتی ئێرانیشەوە کاری بۆ ئەکرێ و پشتگیریی ئەکرێ کە هەموو حیزبەکانیش و زۆر لە خەڵکیش ئەزانن. با چەند نمونەیەك بخەمەبەر چاوی خوێنەران و قەزاوەتیش بەوان ئەسپێرم:

١- کۆماری ئیسلامی ئەوە چەند ساڵێکە، پشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی گرتووە و لە بەرانبەر پارتیﮔدیمۆکراتی کوردستانی عێراق دا، یەکێتی نیشتمانیی بەهێز کردووە. سەلاحیش بۆ بەهێز بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ئوروپاوە بەرەو کوردستان و بارەگای سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێی خوڕی.

٢- یەکێ لە داواکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە یەکێتی و پارتی ئەوە بوو کە داوا لە حیزبە کوردستانیەکانی ئێران بکەن، دروشمی رووخانی جمهوری ئیسلامی لابەرن و چەك دانێن و بگەڕێنەوە ئێران و لە فەزای تازەی وڵات کەڵك وەرگرن. جەنابی کاك سەلاحیش، لەم سۆئێدە، ماڵ بە ماڵ و شاربەشار و کۆبوونەوە بە کۆبوونەوە ئەگەڕا و راست و رەوان بازاری بۆ ئەم سیاسەتانە گەرم ئەکرد.

٣- بەوتەی ئەو بەرپرسە حیزبیانەی لە کوردستانەوە دێنە دەرەوە و لێرە کۆڕ و کۆبوونەوە دائەنێن، خەتی وەزارەتی ئیتلاعات گۆڕاوە و لە جیاتی تێرۆر و کوشتن رووی لە لەت و کەرت کردنی حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن کردووە. سەلاح، یەکێ لە دارێژەرانی نەخشەی کەرت کردنی کۆمەڵە بوو. ئەو رۆڵێکی باڵای لە جیاکردنەوەی براکەی و ئامۆزاکانی لە کۆمەڵەدا گێڕا و کەسێکە کە قەناعەتی بە مام جەلال هێناوە گوشار بخاتە سەر ئیبراهیمی عەلیزادە و هاوڕێکانی و درگای لوتف و نێعمەت لەسەر خزمەکانی ئەو واڵا بکات.

٤- ئێران و دامودەزگا سیخوڕیەکانی، ئەیانەوێ پەیوەندیی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران وەك جاران شێواو و خوێناوی بکات. باشترین رێگاش بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە بۆ حیزبی دیمۆکرات هاوشان و رکەبەرێك دروست بکات. لە خۆڕا نیە کە بەرپرسانی رێژیمیش کە باس لە "چید انقلاب" ئەکەن یەکسەر ئەڵێن "کۆمەڵە و دیمۆکرات". وا کاکە سەلاحیش ئەو قەوانە کۆنە ئەژەنێ. کۆمەڵەی خزمانی ئەکاتە هاوشانی دیمۆکرات و هانیدەدا کە هەتا ٣ پێشمەرگەی بێ ئامادە نەبێ رۆڵی دەرەجە دووەم ببینێ و خەڵکانی دیکەش وەلائەنێ و کوردستان ئەکاتە موڵکی خزمان و بە لوتفی خۆشی شتێ بۆ دیمۆکرات قایل ئەبێ. سەرنج بدەن، ئەم کابرایە لە تەواوی ئەو دیمانەیەدا کە باسی ئەو دوو حیزبە ئەکا، کۆمەڵەی خزمانی وەپێش دیمۆکرات خستووە. بەڵام هەی هات کۆمەڵەی خزم و خێشان لە کوێ و حیزبی دیمۆکرات لە کوێ.

دوو جەمسەری کردنی کوردستان، لە نێوان هەر ٢ حیزبێکا بێ، کارەساتی لێ ئەکەوێتەوە. هەر وەك چۆن لە کوردستانی عێراق کارەساتی لێ کەوتەوە. ئەوەی سەلاح موهتەدی و دەستەودایرەی هەوڵی بۆ ئەدەن و بۆی وەخۆ کەوتوون دروست دوو جەمسەری کردنی کوردستانی ئێرانە کە لە لایان وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانیشەوە پشتگیریی ئەکرێ و ناراستەخۆ و لە رێگای سێهەمەوە "بودجە"ی باشیشی پێدەگەیەنرێ.

دیارە لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ناوەشێتەوە کە شتی وا قبوڵ بکات. حیزب و رێکخراوەکانی دیکەش نابێ بکەونە داوی سیاسەتی وا. دووجەمسەری کردنی سیاسی کوردستان، لە کوردستانی عێراق تەجروبە کرا و فەشەلی هێناو شکستی خوارد. دووجەمسەری کردنی کوردستان شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانی دابەشبوونی کوردستانی لێ ئەکەوێتەوە، ئازادی سیاسی و ئازادی بیرو ئەندێشە لە روناکبیران زەوت ئەکرێت. جاش و خائین و خۆفرۆشان کەڵکی لێ وەرئەگرن، کوردی پاك و دڵسۆز و رابردوو خاوێن ئەکەوێتە بەر فشار و شکانی شەخسیەتی. کارەساتی دووجەمسەری ٥٠٪٥٠ نابێ لەهیچ پارچەیەکی کوردستان دووبارە بێتەوە. لێرەدا ئەرکێکی گرینگ ئەکەوێتە سەرشانی رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و هەموو توێژی وشیاری کۆمەڵ، ئەویش ئەوە کە رێگای لە سەرگرتن و سەرکەوتنی نەخشە و پلانی وا مەترسیدار بگرن کە ژمارەیەك دەرەبەگ لە پێناو قازانجی نامەشروعی خۆیانە دەڵهۆڵیان بۆ هەڵگرتووە و بەفشار خستنە سەر حیزبەکان رێگە لە دووجەمسەری کردنی سیاسی وڵاتەکەمان بگرن.

بۆ ئەمرۆ و داهاتووی کوردستان مەسلەحەت و قازانجی کورد لەوەدایە کە یان حیزبێك بەتەواوی باڵا دەست بێ و حیزبەکانی دیکەش هاوکاریی لەگەڵ بکەن یان هێزی سێهەم هاوسەنگی هێز رابگرێ و مانعی دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر دوو حیزبدا

بیّت، جا ئەو دوو حیزبە کێ دەبێ با ببێ. لە کۆتاییدا من وەك کوردێك کە دڵم بۆ کوردستان لێ ئەدا و ئاواتی گەڕانەوە بۆ وڵاتی دایك و ژیانێکی ئازاد و سەربەستم لەدڵدایە بەش بە حاڵی خۆم داوا لە ڕێبەرانی هەموو حیزبەکان، هەموو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ئەکەم هەموو پێکەوە بەدەنگێکی بەرز هاوار بکەین نا بۆ پاوانخوازی، نا بۆ دووجەمسەری کردن و دابەش کردنی وڵاتەکەمان.

**Merduxi_k@hotmail. com**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org